www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13:17:45 26-11-2006

# ئەو دەمەی ئایینێکی ئەفسووناوی دەبێتە بناغە بۆ سیاسەتی دەوڵەتێکی گەورە... نووسینی: د. جەعفەر شێخ ئیدریس (سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی کراوە) ... وەرگێڕان: صلاح ستار.

---

مەبەستم بە ئایینی ئەفسووناوی ئایینێکی نازانستییانەیە، بەو مانایەی کە لەسەر ڕاستییە زانسیتەکان بەند نییەو ناوەستاوە، پابەندیش نییە بە ڕەوشتە بەرزو جوانەکانەوە، جا لەسەر ئەمەوە ئەم ئایینە هیچ بەڵگەیەکی ژیری و زانستی پێ نییە بۆ بانگەشەکردن و بانگەوازبۆکردنی، بەڵکوو بەڵگەی ژیری و زانستی زۆرن لەسەر بەتاڵی و بێ ئەرزشی ئەو ئایینە. ئەم جۆرە بانگەشانە لە هەچ ئایینێك یان کۆمەڵ و تایەفەیەکدا کە دەخرێنە پاڵ ئەو ئایینە زۆر بن، ئەو ئایینە یان ئەو کۆمەڵ و تایەفەیە لە ئەفسانە نزیکتر دەبێتەوە، وە هەرچەندە کەسانی باوەڕبوو بەو ئایینە ئەفسانەییە لە هەڵس و کەوت و مامەڵە و سیاسەتکردنیاندا متمانەیان لەسەری زیاتر بوو، ئەوە زیانیان لەسەر خۆیان و جگە لە خۆشیان گەورەتر دەبێت. بەڵگە نەویستە کە ئەفسانەو لادانی ڕەوشتیی زیانی زۆر گەورەتر و زیانبەخشتر دەبێت کاتێك ببەسترێتەوە بە ئایینەوە، کاتێك ئەوانەی باوەڕیان پێیەتی و قسەی لەسەر دەکەن وا بزانن ئەمە شتێکەو خوا هێناویەتە خوارێ و فەرمانی پێ داوە، قورئانی پیرۆز سەبارەت بەوانەی ئایین ئیستیغلال دەکەن بۆ خۆیان و کارە خراپەکانی خۆیان دەدەنە پاڵ خودا دەفەرموێت: {وَإِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً قَالُوا وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا وَاللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا قُلْ إِنَّ اللَّهَ لا يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لا تَعْلَمُونَ 28 قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُوا وُجُوهَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ} [الأعراف: 28 - 29] {کاتێکیش (بێباوەڕان) تاوان و گوناهێك ئەنجام بدەن دەڵێن: باو و باپیرانیشمان دیوە ئەم کارەیان کردووەو خوای گەورە خۆی فەرمانی پێ دایون ئەم کارە بکەین!! پێیان بڵێ: (نەخێر وا نییە) چونکە بە ڕاستی خوا فەرمان بە گوناهو تاوان و کاری نابەجێ نادات، چۆن (جەسارەت دەکەن) و شتێك هەڵدەبەستن بۆ خوا کە نازانن وتویەتی یان نا * (ئەی موحەممەد صلى الله عليه وسلم) بڵێ: پەروەردگارم فەرمانی بە دادپەروەری داوە، لە کاتی هەر پەرستن و نوێژێکدا، لە هەموو مزگەوتێکدا، ڕووی دڵ و ڕووخسارتان بە ڕاستی لە پەروەردگارتان بکەن و بیپەرستن و لێی بپاڕێنەوە، لە کاتێکدا دینداری بێگەردو دڵسۆزانە هەر بۆ ئەو زاتەیە، چونکە هەر چۆن دروستی کردوون لە سەرەتاوە، لە ئایینەدەشدا هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە}

سیاسەت، دەرەکی بێت یان ناوخۆیی، ئەگەر لەسەر درۆو دەلەسەو زوڵم و ستەم دامەزرابێ، نەك هەر سوودبەخش نابێت، بەڵکوو زۆریش زیان بەوانە دەگەیەنێت کە ئەو سیاسەتە پیادە دەکرێت لە دژیان.

ئەمە ئێستە گەورەترین گرفتێکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێوەی دەناڵێنێ، نەك تەنها هەر خۆی بەڵکوو جیهانیشی بە گشتی تووشی نەهامەتی کردووە؛ ئەوەش لەبەر ئەوەی کە ئەوانەی لە کۆشکی سپی دانیشتوون باوەڕیان بە کۆمەڵە خورافەو ئەفسانەیەکی ئایینی هەیەو سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی خۆیان لەسەر ئەو ئەفسانە ئایینیانە ئاڕاستە و پیادە دەکەن.

پێش چەند مانگێك کتێبێك لە ژێر ناوی (الثيوقراطية الأمريكية)(1) کەوتە بازاڕەوە، نووسەرەکەی ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە تا چ ڕادەیەك سیاسەتی ئەمڕۆی ئەمریکا بارگاوییە بە بیروباوەڕی ئایینی ئەفسانەیی، بواری مەترسی ئەم سیاسەتە ئایینییە لەسەر وڵاتە

یەكگرتووەكان چەندە؟ لەمەی كەدێ هەندێك لەوەی لەم كتێبەدایە دەهێنم و باسی دەكەم تا ئەو قسەیە ڕوون بێتەوە كە دەوترێت بیروباوەڕی ئایینی كاریگەرییەكی تەواوی لەسەر سیاسەتی ئەمریكا هەیە، تۆمەتێكی ستەمكارانە نییە توند ڕەوە ئیسلامیەكان بە ئەمریكایانەوە لكاندبێ، بەڵكوو ڕاستییەكەو زۆرێك لە ئەمریكاییەكان خۆیان دانی پێدا دەنێن و لە دەرەنجامەكەی دەترسن.

نووسەر لەبەشی دووەمی كتێبەكەیدا كە تایبەتی كردووە بە گرفتی توندڕەوی ئایینی دەڵێت: «إنه ليس هنالك من أسئلة أهم بالنسبة لأمريكا القرن الواحد والعشرين من السؤال عما إذا كان البعث الديني الجديد وما يصحبه من غرور سياسي سيكون في صالح أمريكا أم في ضررها؟» (هیچ پرسیارێك سەبارەت بە ئەمریكای سەدەی بیست و یەك گرنگتر نییە لەو پرسیارەی كە ئایا ئەگەر بوژانەوەی ئایینی نوێ و ئەوەی هاوڕێیەتی لە خۆبایی بوونی سیاسیی لە بەرژەوەندی ئەمریكادا دەبێت یان لە زیانی)، نووسەر ئەوە پارسەنگ دەكات كە بە زیانی ئەمریكا تەواو دەبێت. ئەو ژیانەوە ئایینییەی نووسەر ئاماژەی پێ دەكات ئەو كارە بێ وچانەیە كە چەندین لەو كۆمەڵە ئایینیانەی كە بە توندڕەو پێناسە دەكرێن پێی هەڵدەستن بیروباوەڕی ئایینی خۆیان كردۆتە بناغەیەك بۆ سیاسەتی ئەمریكا. لەو بیروباوەڕانەش وەك نووسەر باسی كردووە ئەوەیە كە هەندێ لەو كۆمەڵانە باوەڕیان بە پەیوەندی ڕاستەوخۆ (مباشر) هەیە لە گەڵ (عیسا)دا بە ئیعتیباری ئەوەی كە خوایە، هەر بۆیەش ئەبینین زۆر جار بوش لێدوان دەداو دەڵێ كە خوا (واتە عیسا) فەرمانی پێدا كە هێرش بكاتە سەر ئەفغانستان، وە خوا فەرمانی پێداوە كە هێرش بكاتە سەر عێراق و داگیری بكات، چونكە لەم تایەفە ئینجیلییەیە كە باوەڕیان وایە مرۆڤ دەتوانێت ڕاستەوخۆ لە گەڵ خوا (عیسادا) ئاخافتن بكات و شتی لێ وەربگرێت، بەڵكوو گەیشتۆتە ڕاددەی ئەوەی كە –هەروەك نووسەر لە یەكێك لە ڕۆژنامەكانەوە لێی دەگێڕێتەوە- لە هەندێ لە كۆبونەوەكاندا بڵێت: «أعتقد أن الله يتكلم بوساطتي، ولولا ذلك لما استطعت أن أؤدي مهمتي». (2) {باوەڕم وایە كە خوا بە هۆی منەوە قسە دەكات، وە ئەگەر وا نەبوایە ئەوە نەمدەتوانی ئەركی سەرشانم بە جێ بێنم} وە تەنها بوش یش نییە كە ئەم بانگەشەیە بكات و ئەم لافە لێ بدات، ئەوەتا (توم دی لای) كە سەرۆكی زۆرینەی كۆماریەكان بوو لە كونگرەسدا جارێك وتی: «إن الله يستعملني دائماً وفي كل مكان للدفاع عن نظرة الكتاب المقدس العالمية في كل ما أفعل وحيثما كنت. إنه هو الذي يدربني». {بێگومان خوا بەردەوام بەكارم دێنێ بۆ بەرگریكردن لە تێڕوانینی كتێبی پیرۆزی جیهانی لە هەموو ئەو كارانەی دەیكەم و لە هەر شوێنكدا بم. بێگومان هەر ئەوە (خوا) كە ڕامدێنێ و تەمرینم پێ دەكات}، ئەم پیاوە تابلۆیەكی لەسەر نووسینگەكەیەوە هەڵواسیبوو كە تێیدا نووسرابوو: (لەوانەیە ئەمڕۆ ئەو ڕۆژە بێت) واتە ئەو ڕۆژە بێت كە عیسا تیایدا دێتە خوارێ بۆ سەرزەوی.

دەڵێم: بە ڕاستی وێنەی ئەم جۆرە بیروباوەڕە بێكەڵك و فاسدە بوو كە بووە هۆكاری ڕیشەیی لە دژایەتیكردنی توندو تیژو بێ بنەمایان بۆ ئایینی ئیسلام و موسڵمانەكان و لێدوانیان و بە ڕاشكاوی بۆ ئەم دوژمنایەتیەو بانگەشەكردن بۆ گرتنی هەڵوێستی زۆر توند لە دژایەتیكردنی جیهانی ئیسلامیدا، نووسەر دەڵێت: كاتێك لە ساڵەكانی 1989- 1991 یەكێتی سۆڤیەت ڕووخا، پارێزكارە ئایینداره‌كان بە پەلە كەوتنە خۆ بۆ پێشكەشكردنی لیستەیەك بەدیل لەوانە: ئیسلام

هێزی گەورەی شەرەنگێزە، عێراق (بابل)ی خراپ و شەڕخوازە، سەددام حوسەین مەسیحی دەججالە.
ئەمە كۆمەڵێكی كەم نەبێ لە لێپرسراون بە ئاشكرا باسیان لەمە نەكردووە. بەڵام مژدەدەرە ئوسوڵیەكان زۆرێكیان بە ئاشكراو ڕاشكاوانە دانیان بەمەدا ناوەو لە زۆر شوێندا باسیان كردووە، ئەوەتە (رتشارد سزك) جێگری سەرۆكی رابیتەی مژدەدەرە نەتەوەییەكان لە ساڵی 2003دا بۆ گۆڤاری نیویورك تایمز دەڵێت: إن المبشرين قد استبدلوا الإسلام بالاتحاد السوفييتي. لقد صار المسلمون اليوم هم إمبراطورية للشر». {مژدەدەران بە تەواوی ئیسلامیان لە جێی یەكێتی سوڤیەت داناوە، بە ڕاستی ئەمڕۆ موسڵمانەكان بونەتە ئیمبراتۆریەتی شەڕ} وە دەڵێت: «إن الجماعات التبشيرية الأمريكية تكرر اليوم تجربة الجماعات التبشيرية البريطانية في عداوتها للمسلمين وحماسها للحرب ضدهم. لقد تضاعف عدد المنظمات التبشيرية في العالم الإسلامي. {بێگومان كۆمەڵە مژدەدەرە ئەمریكاییەكان ئەمڕۆ هەمان ئەزمونی كۆمەڵە مژدەدەرە بەریتانیاییەكان دووبارە دەكەنەوە (ئەوانەی پێشڕەوی ئیستیعماری بەریتانی بوون لە سەدەی نۆزدەدا بۆ داگیركردنی وڵاتانی ئیسلامی) لە دژایەتیاندا بۆ موسڵمانان و گەرم و گوڕیان بۆ جەنگ لە دژیان، بە ڕاستی ژمارەی ڕێكخراوە مژدەدەرەكان لە جیهانی ئیسلامیدا بۆتە دووچەندانە} وە دەڵێت: «إنه بحلول عام 2003 لم تعد المنظمات التبشيرية مجرد مؤيدة للحرب كما كانت رصيفاتها البريطانية، بل أصبحت من المخططين لە». {بێگومان بە هاتنی ساڵی 2003 ئیتر ڕێكخراوە مژدەدەرەكان تەنها ئەوە نابن كە پاڵپشتی جەنگ بن وەك بەریتانیەكان، بەڵكوو بونەتە نەخشە داڕێژەری شەڕەكە}، كە هەرواش بوو، ئەوەبوو تەنها پاش ساڵێك لە زەوتكردنی عێراق لە لایەن سوپای ئەمریكاوە 30 ڕێكخراوی مژدەدەر لە بەغداد كاریان دەكرد، وە دەڵێت: «إن المدير الإداري لرابطة المبشرين القومية صرح لجريدة (لوس أنجلس تايمز) أن العراق سيكون المركز الذي تنتشر منه رسالة المسيح عيسى إلى إيران وليبيا وكل مكان في الشرق الأوسط». {بەڕێوەبەری ئیداری پەیوەندی مژدەدەرانی نەتەوەیی لێدوانێكی بۆ ڕۆژنامەی (لوس أنجلس تايمز) دا كە عێراق لە داهاتودا دەبێتە ئەو بنكەیەی كە پەیامی عیسای مەسیحی لێوە بڵاودەكرێتەوە بۆ ئێران و لیبیاو هەموو شوێنێكی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست}، وە بەرپرسێكی دیكە لە ڕێكخراوێكی تر دەڵێت: «إن الحال في العراق هي حرب من أجل الروح». {حاڵ و بارودۆخ ئەمڕۆ لە عێراقدا بریتیە لە شەڕ لە پێناوی گیاندا (مەبەست پێی مەسیحە)} هەر لەبەر ئەوە لە ماوەی دوو ساڵدا تەنها لە بەغداد حەوت ڕێكخراوی تەبشیری دەستبەكار بوون.

دەڵێم: بێگومان كاریگەی ئەم بیروباوەڕە فاسیدو بێكەڵكانە تەنها سەرناكێشی بۆ ئەو هەڵوێستە دژو شەڕەنگێزانە دژی موسڵمانانە و بەس، بەڵكوو لە كۆتاییدا بە زیان و نەهامەتی بەسەر وڵاتە یەكگرتووەكان خۆشیەوە دەشكێتەوە وەك هەندێ لە ژیرو هۆشمەندانیان پێشبینی ئەوەیان كردووە. خاوەن ئەم بیروباوەڕانە ڕاستیەكان وەك خۆی چۆنە نابینن. ئەوەی گشت خەڵكانی ڕۆژئاوا بە كارەسات و نەگبەتی و شڵەژاوی تێ دەگەن لە تێكچوونی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، تسونامی، ئەوانە وای دەبینن-وەك نووسەر دەڵێت- كە ئەم شتانە هەمووی مژدەدەرن بە نزیكبوونەوەی هاتنی مەسیح.
وە هەروەك وا ئەزانن ئەم كارەساتانە مژدەدەرن و پێیان خۆشە، باوەڕیان وایە كە ئەم جورە ڕووداوانە لە هاتنی مەسیح نزیكیان دەكاتەوە، هەروەهاش باوەڕیان بە ڕاستیەكانی زانستە

سورشتیەکانیش نییە کە هۆکاری سەرەکی بووە لەو پێشکەوتنە ماددیەی ئەمڕۆ ڕۆژئاوای تێدایە؛ ئەوانە باوەڕیان نییە بەوەی زانایان دەیڵێن کە پلەی گەرما لە جیهاندا هەردێ و بەرز دەبێتەوە و ئەمەش کارێکی مەترسیدارە، هیچ گوێش بەوە نادەن کە زانایانی زەوی ناسی دەیڵێن کە نەوت دەستی کردووە بە کەم بوونەوە و داچووون، وە هەروەها. سەرۆك بوش لەسەر ئەم جۆرە قسەو بیروباوەڕانە سیاسەتی وڵاتەکەی دادەڕێژێ و لە ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە جیهان.
دەڵێم: وە هیچ گوێش نادەن بەوەی کە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییە زانستیەکان پێی گەیشتوون کە موستەحیلە هەرچیەك لە کتێبی پیرۆزدایە -وەك ناوی دەبەن- وتەی خوا بێت، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێکی زۆر لەوانە هەڵەی زەق لە وەسفکردنی واقعی بونەوەور و ژیاندا، ئەمەش کارێکە کە ناکرێت و ناگونجێ لە دروستکەری ئەم بونەوەرەوە دەرچوبێت و دژو پێچەوانەیە بە زانستی بێ سنووری خوای گەورە و لە گەڵ یەك پێك نایەنەوە، ئیتر بەم شێوەیە هیچ گوێ بەم جۆرە لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوانە نادەن، بەڵکوو بە بێنرخ و بێ ئەرزشیش تێی دەروانن و بەردەوامن لە باوەڕیان بەوەی کە هەرچیەك لە کتێبی پیرۆزدایە هەموی وتەی خوایەو هیچ هەڵەو ناتەواویەکی تێدا نییە.

ئەوانە باوەڕیشیان بە بنەمای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت نییە! بەڵکوو ئەیانەوێت ئەمریکا دەوڵەتێکی نەسرانی بێت؛ چونکە باوەڕیان وایە کە گەلی ئەمریکا گەلی خوای هەڵبژاردەن. کە هەر ئەمەش وای کردووە نووسەرەکە کتێبەکەی ناو بنێت (دەوڵەتی ثیوقراتی- الدولة الثيوقراطية) ئەمەش کە زۆرێك لە ئەمریکاییەکان لەوە ئەترسن سەربکێشی بۆ پارچە پارچەیی و دووبەرەکی زۆر توند لە نێوانیاندا تا ئەگاتە ڕاددەی توندوتیژی و هەڵگرتنی چەك بە ڕووی یەکتردا. لەبەر ئەوە زۆرێك لەوانەی کە لە پێشدا لە دەمڕاستانی هزری و سیاسی پارێزکاران بوون -لەوانەش نووسەری ئەم کتێبە- کەوتونەتە بەرهەڵستیکردنی سیاسەتی پارتی کۆماری، پاش ئەوەی کە ئەم تاقمە کە ناو دەبرێن بە -پارێزکارە نوێیەکان- ئاسۆیەکی نائارام و ترسێنەریان بۆ داهاتووی وڵاتەکەیان خوڵقاندووە، لە دیارترینی ئەو کەسانەش ئەم هەڵوێستەیان گرتووەو هۆشدارییان بەم جۆرە بیرکردنەوە داوە، نووسەری بەناوبانگ (فوکویاما) بوو لە کتێبێکی نوێیدا کە تازە دەرچووە.

ئەوەی نامۆو جێی سەرسوڕمانە: ئەو دەوڵەتەی کە خۆی ئەم بیروباوەڕانە ئەبات و ئەهێنێ و تا سەر ئێسقان باوەڕی بە نەسرانیەتی خۆی هەیە، داوا لە هەندێ وڵاتی ئیسلامی دەکات کە زیاتر لێبوردەیی بنوێنن، پەیڕەو و مەنهەجی خوێندنیان لە مەسەلەی دۆستایەتی و دژایەتی -الولاء و البراء- پاك بکەنەوە، یان هەرچیەك ئەوان دەیبینن کەراهیەت و ڕق لێبونەوەی تێدا بێت دەبێت لاببرێت و نەمێنێت، لە کاتێکدا بۆخۆیان تا ئەوپەڕ مومارەسەی ئەم جۆرە بیروباوەڕە دەکەن!.

---

Theocracy: the Peril and Politics of Radical Religion, Oil,  Kevin Philips, American in the 21st Century, Penguin Viking, 2006 and Borrowed Money
(2) پاش چەند مانگێك لە داگیرکردنی عێراق لە وەڵامی پرسیارێك جۆرج بوش نەرێی ئەوەی کرد کە داوای مەشۆرەت و یارمەتی لە باوکی بکات و وتی: "إن لي أبا أعلى ألجأ إليه وأستغيث به"،

مشيرا لأبيه "الذي في السماء". {من باوكێكم هەی پەنای بۆ ئەبەم و داوای كۆمەكی لێ دەكەم، ئاماژە بوو بۆ باوكەكەی "كە لە ئاسمانە".}

http://www.islamonline.net/Arabic/news/2006-11/16/02.shtml